**ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەگەری ژمارە -1-**

# نابۆ هێرشەکانی ئاسایش بۆسەر خەڵك

**جەماوەری شاری سلێمانی**

**ئێمە چەند ڕۆژێکە خەریکی ئامادەکارین بۆ سازکردنی کۆبونەوەیەکی جەماوەری لەشاری سلێمانی، بەبۆنەی ساڵیادی ئەنفالەکانو پشتیوانی کردن لەخواستی کەسوکاریان بۆ باش کردنی هەلومەرجی ژیانیانو دابینکردنی ژیانێکی ئینسانی بۆیان، بۆئەم مەبەستە گروپەکانی دەستەکەمان لە چەندین شوێنی ناوشاردا هەستاون بە بڵاوکردنەوەی ئەم بانگەوازە لەناو خەڵکدا، کەچی ئاسایشی سلێمانی ئێوارەی ئەمڕۆ بەبێ هیچ پاساوێك ئەندامی یەکێك لەگروپەکان بەناوی وەستا حسێن دەستگیر ئەکەن، کە تائێستا لە زینداندایە. شایەنی باسە هەر لە ڕۆژانی ڕابردودا لەهەردوو شاری کەلارو چەمچەماڵ ژمارەیەکیتریان لەخەڵك دەستگیر کردوەو چەندین بەیاننامەی داکۆکی لە داخوازییەکانی کەس‌وکاری ئەنفالیان دڕاندوەو یان دەستیان بەسەردا گرتوە.**

**ئەم شێوازی مامەڵەیەی ئاسایش کە زیاتر لەمانگێکە پاش ڕووداوەکەی هەڵەبجە دەستیان داوەتێ، نیشانەی ناڕاستی ئیدعاکانی حکومەتی هەرێمە سەبارەت بە هەبوونی دیموکراسیو پاراستنی مافەکانی خەڵك، وە دروست بەڵگەی نەبوونی ئازادیە. بۆیە ئێمە ئەم دەستگیر کردنە ئیدانە ئەکەین داواکارین دەستبەجێ وەستا حسێن بێ‌هیچ مەرجێك ئازاد بکرێتو بگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی.**

## دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکان

2006/4/12